# ئایا شتێك هەیە بەناوی شەقامی سیاسی کوردی.؟!

**کاتێك هەر هەڕە و گوڕەشەیەك یاخود مەترسیەك دێتە سەر کورد ئەوا تەنها لە دەرەوە چالاکی و بزووتنەوەی دەربڕینی هەڵوێستەکان دەبینرێ، کاتێکیش تورکیا یاخود ئێران سنورەکان تۆپ باران دەکەن و بەغدا پرسە چارەنووسسازەکان هەڵدەپەسێرێ و بڕیاری دژ بۆ هەندێ داواکاری کورد لەناوەندەوە دەدرێ، یاخود لە کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکان کارەساتی تیرۆر و تەقاندنەوەی خوێناوی ئەنجام دەدرێت، یانیش خەڵکانێك دژی ئاسایشی نەتەوەییمان لەناوەوە هەوڵی پەرتەوازەیی نێو ماڵی کورد دەدەن، یان کەسانێك ئاگری کۆنە قین و کۆنە شەڕەناوخۆییەکان گەرمتر دەکەنەوە، دەبێت ڕۆشنبیران و تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی لە باشوور هەڵوێستیان چۆن دەبێت، ئایا میدیای کوردی توانیویەتی رای گشتی دروست بکات و شەقامی سیاسی کوردی بوروژێنێ..؟ ئایا گروپ و کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان تا چەند بوونەتە هۆی دروستبوونی ئەو شەقامە..؟ بۆ ئەو مەبەستە ئەم تەوەرە درێژە پێ دەدەین لەگەڵ سەرنووسەری گۆڤار و رۆژنامەکان و نووسەر و روناکبیرەکان و خاوەنی ماڵپەڕە دیارەکان:**

**بەدواداچوون/ شێرزاد عومەر – سەرووت محەمەد**
S4632628@gmail.com



**سامی شۆڕش/ نووسەر و روناکبیر و ئەندام پەرلەمانی عێراق لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان:** شەقامێکی سیاسی رۆشبیری هەست بە بەرپرسیارەت کردن کارێکی سەختو پرۆسەیەکی زەحمەتە, پرۆسەکە پێویستی بە کۆمەڵێك مەرجی ئابووری‌و سیاسی‌و رۆشنبیری لەناو کۆمەڵگادا. دەبێ ئەو مەرجانە پێبگەن بۆ ئەوەی ئەو شەقامە سیاسیەی کە دروست دەبێ شەقامێکی تەندروستو بەهێزو بەتواناو کاریگەر بێت, مەبەستم ئەو شەقامە سیاسیەی کە باس دەکرێت مەبەستی من ئەوە نییە کە شەقامێکی ئیفلیج‌و نا رەزایی دەربڕێت تەنها هاوار بکات دەنگی لێوە بێت, چونکە مەبەستی من ئەو شەقامەیە کە دەتوانێت وەکو فاکتەرێکی ئیجابی لەناو کۆمەڵگا دەوری خۆی ببینێت کاریگەری بەسەر سیاسەتەوە هەبێت چ پەرلەمان بێت چ حکومەت بێت چ دام‌و دەزگا حکومیەکانی تر بێت. ئەو جۆرە شەقامە من پێم وایە لەبەر کۆمەڵێك هەل‌و مەرج لەناو کوردستان هەتا ئێستا بە شێوەیەکی رێك‌و پێك دروست نەبووە, بەڵام بەرێوەیە سەرەتاکانی دەستی پێ کردووە, چونکە وەکو دەزانن یەك لە مەرجەکانی ئەم جۆرە شەقامە ئەوەیە کە کۆمەڵگا لەناو هەل‌و مەرجێکی دیموکراتی دا بژی شەقامی سیاسی دروست نابێ ئەگەر دیموکراسی سیاسی لە ئارادانەبێ, ئێستا کوردستان ئەوە نزیکەی دە دوانزە ساڵە تا ئەزمونێکی دیموکراسی ئەوتۆ لە گۆرێدایە, ئەگەر وردە وردە لایەنی ئابووری‌و رۆشنبیری‌و کۆمەڵایەتی ناو کۆمەڵگای کوردەواری پێش بکەوێت بێگومان لە ئەنجامدا شەقامێکی کاریگەر دروست دەبێت.

*** دەبینین لە کاتێکدا هەر مەترسیەك رووبەرووی ستراتیژیەتی نەتەوەی کورد ببێتەوە ئەوا رۆشنبیرانی کورد لە ئەورو پا یاخود چاکتروایە بڵێین لە دەرەوە بە جۆش‌و خرۆشەوە دەکەونە کارو چالاکی‌و هەڵوێست دەربڕین, بەڵام لە کوردستان پێچەوانەیە شەقامێکی ساردو سڕ هەستی پێ دەکرێت, بەڕێزتان هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەرێنیتەوە...!**

**سامی شۆڕش:** هۆکارەکەی ئەوەیە کە یەکەمیان لە ئەوروپا لەرووی کرانەوەی کۆمەڵگا تاقیکردنەوەکەی جیاوازە کە لە کوردستان هەیە ئەوروپا کۆمەڵێك کۆمەڵگای کراوە لە مەیدانی لە مەیدانی دیموکراسی مێژوویان هەیە بۆیە لەوێ شەقامی سیاسی شەقامی رۆشنبیری بە شێوەیەکی رێك‌و پێك دروست بووەو گەشەی کردووەو پێ راگەیشتووە.

ئەو کەسانەی خۆشمان کە دەچنە ئەوروپا کەڵك لە هەل‌و مەرجی لە ئەوروپا وەردەگرن, پێ‌و دەنگی ئەوێ کارو چالاکیەکانی خۆیان دەنوێنن, بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە ناوە, ئەگەر ئێمە بەراوردێك لە نێوان هەل‌و مەرجی کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیری‌و سیاسی لە کوردستان بکەین لەگەڵ کۆمەڵگاکانی دەورو پشتی خۆمان ئەوا دەبینین لە کوردستانیش تا رادەیەك کرانەوە دروست بووە تا رادەیەك دیموکراسی لە ئارادایە تا رادەیەك بزاڤێکی ئەوتۆ لە گۆڕێدا نییە کە زامنی ئەوە بێ لە ماوەیەکی پێوانەیی شەقامێکی سیاسی‌و شەقامێکی رۆشنبیری دروست بن ئەگەر لەناو کۆملگایەکی وەکو سوریاو ئێران لێك بدەین کە کوردستان لە زۆر رووەوە پێشکەوتنێکی باشی بە خۆیەوە بینیووە ئەو پێشکەوتنێکی باشی بە خۆیەوە بینیووە, ئەو پێشکەوتنە زامنی ئەوەیە کە لێرەش هەر بزاڤێکی نوێ دێتە گۆڕێ کاریگەری خۆی هەبێ, بەڵام لەو بابەتە گەلی کوردستان‌و ناو کوردستان من پێم وایە ئەو شەقامە ئەو بۆچوونە گشتییەی کە دروست دەبێت بۆچوونێکی گشتی کاریگەری ئیجابی بێت, دروستکەر بێت نەك روخێنەر, کەڵك لە شتە باشەکانی ئەوروپا وەربگرین نەك کەڵك لە شتە خراپەکان وەربگرین.



**دڵزار حەسەن/ بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری دیکۆمێنتار:**

دروستکردنی رای گشتی، وەك پرۆسەیەکی دیموکراسی و مەدەنی بۆ کێشەیەکی سیاسی یان ئابوری و کلتووری هتد... پێویستی بە هەل و مەرجی تایبەت بە خۆیی هەیە. دیارە هەرێمی کوردستانیش بە هۆی زۆرێك گرفتەوە هێشتا نەتواندراوە ئەو واقیعە دروست بکات کە بۆ هەر ئالۆزیەك یان هەر رووداو پێشهاتێك رای گشتی بخولقێنێت. بیریشمان نەچێت راگەیاندن کە ئێستا لە دنیادا نەك هەر

به دەسەڵاتی یەکەم ناسێندراوە، بەڵکو لەسەروی دەسەڵاتەکان ئەژمار دەکرێت، فاکتەرێکە بۆ خولقاندنی رای گشتی، بەڵام بەداخەوە راگەیاندنی ئێمە ج ئەوانەی ئۆرگانین یان ئەوانەی ناویان لە خۆناوە ئەهلی و سەربەخۆ توانای بەرهەمهێنانی رای گشتییان نییە. یان بە هۆی هەل و مەرجی تایبەتییانەوە کە هێشتا لەژێر کاریگەری حزب و گروپ و کەسەکانەوە دەجولێنەوە، بۆیە قوترەتی ئەوەیان نییە رای گشتی لەسەر کێشەکان دروست بکەن. لەلایەکی دیکەوە راگەیاندنی ئێمە راگەیاندنێکی ئەگەراوییە، لە کاتێکدا راگەیاندن لە جەوهەریدا دەبێت ئەگەرەکان بکوژێت و زەمینە خۆشکەر بێت بۆ جیهانبینینەکی تازە. واتە پێویستە راگەیاندن و میدیا هۆکار بن بۆ کۆکردنەوەی راکان لەسەر خوانێك، ئەم خوانەش پەیوەندی بە فشار هەیە، مادامەکێ فشار ئالیەتێکە بەدەست خیتابی راگەیاندنەوە، بۆیە ئەرکی دروستکردنی رای گشتیش دەکەوێتە سەر میدیاکانەوە، بەڵام بەداخەوە وەك ئاماژەمدا لە واقیعی ئێمە راگەیاندن وەزیفەی خۆی لەدەستداوە و بۆتە بەشێك لە ململانێکان، نەك هۆکارێك بێت بۆ دروستکردنی رای گشتی. کاتێکیش دەڵێن رای گشتی، مەبەستمان لە پتەوکردنی بەرەی جەماوەر و خەڵکە کە وابکەین بەشداربن لە پرسە سیاسی و ئابوری و کلتوریەکانی وڵات. دیارە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش بەشێك لەو ئەرکەیان دەکەوێتەر سەرشان، بەڵام ئەمانیش بە هۆی سەرقاڵبوونیان بە ورکشۆپات و خول و هەندێك چالاکیانەوە کە لە ئاستێکی لۆکاڵی نزمدان نەیانتوانیوە رای گشتی لەسەر بابەتە حەساسەکان دروست بکەن. بۆ نموونە دیاردەی توندوتیژی لەسەر ژنان و کوشتنی رۆژنامەنووسان و هەندێ بابەتی دیکەی سیاسی تایبەت بە نێوان هەرێم و بەغدا یان ماددی 140 و ناوچەکێشەلەسەرەکان، دەبوا رای گشتی لەسەر دروستبکرێت و نەهێڵدرێت بەو ئاکامە بگات. بەهەمان شێوە هەندێ دیاردەی خراپی ئیداری و سیاسی لە هەرێمی کوردستان هەیە دەکرێ بە شێوازی دروستکردنی فشار و هێنانە سەر شەقامی خەڵك و بەرهەم هێنانی رای گشتیەوە کێشەکە ئیسارەبکرێت و چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە.



**بێکەس حەمە قادر" سەرنووسەر و خاوەن ئیمتیازی رۆژنامەی کوردژین:** بەڕای من ئێستا شەقامێك نیە بە ناوی شەقامی سیاسی، خەڵك بتوانێ بێتە سەر شەقام ئەفکارو ئاراستەی سیاسی لە کوردستان بگۆڕی، تاکو ئێستا ئەحزابی کوردستانی شەقامی کوردی ئاراستە دەکەن، بەپێی ئەو بەرژەوەندیانەی کە خۆیان دەیانەوێ ئەگەرنا دەیان کێشەی گەورە هەنە سەبارەت بە پرسە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکان تائێستا نەماندیتیە شەقام هەیە یاخود سەندیکاکان بتوانن شەقام بجولێنن، و هەمیشە دەسەڵات و سوڵتە خەڵکیان ئاراستە کردووەو بۆیە تاکو ئێستاکە یەك لە گرفتە هەرە گرنگەکان کە گەلی کوردستان کۆمەڵ شتی گەورە هەیە کۆمەڵێك پرسی گەورەی چارەنووس ساز هەن سەبارەت بە کورد نەتواندراوە، بۆیە کە دەڵێن شەقامی کوردی بە رەئی من هێشتا دروست نەبووە تەنها، ئەحزابی سیاسیە دەتوانی شەقامی کوردی ئاراستە بکا.

ئەم تەوەرە ژمارە( 9 )ی گۆڤاری( ئێوە )دا بلاوکراوەتەوە.